# لە پێناو کوردستانێکی نوێدا

**ئیبراهیم عەباس**

زۆر دەمێکە بەرپرسە سیاسییەکانی کوردستان، بێپەروا بەکۆی سالانی خەبات و ژمارەی قوربانەکانیان و دواتریش بەوردو درشتی ئەزموونی دەسەلاتداری و لەوێوە بۆ تێکڕای کارو هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵدەڵێن . زێدەڕۆیی و پێهەڵبڕینی هەردوو حیزبە دەسەلاتدارەکە، بەڕابردووی سیاسیی خۆیان هەریەکە بەجیاو بەهەردووکیشیان بەو شێوازە فەرمانڕەوا ئیدارییەی بەحکوومەتی دیموکراسی و خزمەتگوزار بەخەڵکی دەناسێنن، هێندە سیستەماتیک و بەنەخشەو بە پلان کراوە، زێدەڕۆیی نییە گەربڵێم؛ مەتح و سەناکانیان بەشی هەرە هەرە زۆری هاوولاتیان و خەڵکیان لەگۆماوێکی نەزانینی کوشندە هێشتۆتەوە!؟ ئەو چەقین و مانەوە لەنەزانینییەی خەڵکی کەبە پلان و نەخشەیی (puk u pdk)و حکوومەتەکانیان ئەنجامدراوە، لەگەڵ بەڕێکردنی ساڵەکانی فەرمانڕەواییان گەیشتۆتە ئاستێک، زۆر بەداخەوە سەرەڕایی تێپەڕینی حوکمڕانیان و قەرزداربوونەوە لەساڵەکانی خەبات، کەچی دەڵێی دوێنێ و پێرێ دوای خەباتێکی پەنجا ساڵی، هاتونەتە سەردەسەلات و جیالەوەی بەدەیان بەڵگەو دەلیل سەلماوە ئەوان قەرزدارو منەتباری خەڵکن، وەلێ لەگەڵ ئەوەی ئەدائی ئەو فەرمانڕەوییەی ئەو دوو حیزبە لەناساندنی مافەکانی خەڵک و دەستەبەری مافە مەدەنی و سیاسیی و قانوونی و دەستوورییەکانیان و پێنەبەخشینی خزمەتگوزاری و دەستەبەرنەبوونی خۆشگوزەرانی و بەشداری سیاسی ، ..هتد، بەشی هەرەزۆری خەڵکیان بێبەش کردووە، وەلێ لەوە کارەساتبارتر ئەوەیە هاوولاتیان هەر بەتەواوی دەرکیش بەو هەموو تەم و مژە تاریکەی بەردەم خواست و مافەڕەواکانیان ناکەن. بەداخەوە.

ئەگەرچی خۆشبەختانە یەخەگیری دەسەلات و ڕەخنەکاران لەنووسەرو توێژەرو ئەکایمی و ڕۆژنامەنووسان هەر زۆر دەبن ( دەستی یەک بەیەکیان خۆشبێت ) بەلام بەداخەوە دەگمەنن ئەو ڕەخنەگرانەی لەقوولایی دڵیانەوە پەرۆشییەکی زۆریان بۆ مرۆڤەکان و یەک بەیەکی تاکەکانی نیشتمانەکەی خۆیان هەبێت و لەدەربڕیندا زێدە سەرکەوتووبن، ئاخر هەر ڕەخنەگرتن و لەقاودانی کەم و کوڕی و خراپەکارییەکان گرنگ نییە، چونکە مەزندەکان بەلای ئەوە دەچن کەلەئێستادا ڕێژەی ڕەخنەکاران لەخوێنەران ئەگەر زۆرتر نەبن کەمترنین! بەڵام و بەڵام ئایا بیرمان کردۆتەوە، چەندن ئەوانەی لەقوولایی دڵیانەوە بێتەماییەکی ئەوتۆی تێدابێت دواجار ئەو بێتەمایە هێندە بێفرت و فێڵ بێت و لەدڵێکی گەورە هەڵقوولابێت بگاتە ئەو ئاستەیەی لەگەڵ دەربڕین و نووسینی دەستەواژەو ڕەخنەکانیان لەدڵەوە ئامادەگی ئەوەیان تێدابێت تا ئەو ڕادەیەی لانی کەم خۆبەقووربانی عیسای مەسیحی پێغەمبەری ئاشتی و قازی محەمەدی پێشوای گەورەی کوردمان بیرخاتەوە؟!

بەلامەوە گریگ نییەو ئارەزوو ناکەم، لەڕاستیدا کاری منیش نییە بێم پۆلێنبەندی ڕەخنەکاران بکەم و بەسەرگروپ و یەکەدا دابەشیان بکەم و ئینجا هەربێم خۆشم وەکو دکتۆری دەروونشیکاری تەماو مەبەستی ڕەخنەگران لەدێڕەو پەڕەگرافەکانیانەوە وەدەرخەم، بەقەد ئەوەی دەمەوێت بڵێم دەگمەنن ئەوانەی قانوونیانەو ئەکادیمیانە، ڕاڤەی ڕاستەقینەی وردو درشتی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریمان دەکەن و دووبارە پێناسەیان دەکەنەوە. ئاخر لەکوردستان بەهۆی ئەو هەموو درۆ ڕەش و سپیانەی( وەکو مین )لەهۆش و بیری خەڵکیدا چنراون، ڕاستییەکەی دۆخێکیان لەوڵاتدا بەرهەمهێناوە، ڕەش و سپی، تاریک و ڕوون، جوانی و ناشرینیان لێکئالاندووە. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا گەلێک زەحمەتکردەو هێندە ئاسان نییە مرۆڤ بتوانێت بەکامی دڵ لەمەرامی بوێژان و ڕەخنەگران بگات!؟ کەئەمە دەردێکی خەمناکی نەزانینی بەسەر کۆمەڵگادا گشتاندووە، بەربڵاوی دەردەکەش بڕیارێکی دەستەجەمعی لەسەر درووست بووە کەدیسان بەداخەوە ڕێگای لەخەڵکی توانامەند گرتووە، کەبێن بەئارەزووو دڵخوازی خۆیان ڕاڤەو شرۆڤەی باری وڵات و مافەدەستووری و یاسایەکان بکەن و ئاخر ئەو هەموو بێمافییەی خەڵکی و گیرۆدەبوونیان بەشتی هەرەسەرەتایی هەموو شتێکی لەبیر بردونەوە. دەیڵێمەوە زۆربەی ئەوانەی تەنانەت بەتووندیش ڕەخنەدەگرن، ئەگەرچی هێندێک لەڕەخەنەکانیشان لەلای دەسەلات بەهەند وەردەگیرێن، بەڵام زەفکردنەوەی شتەڕەخنە لێگیراوەکان هێندەی پەنگخواردووی ئازارو ناخی نووسەرانن و زۆرجاریش رەخنەکان هێندە هەڕەمەکی دێنە سەر کاغەز بەسانایی خەڵکیان پێ هوشیار ناکرێتەوەو دەرەنجامیش بەلای ڕەخنەی زانستیدا ناکشێن.

بۆئەوەی چیتر تەمێکی تاریک بەدەووری مەبەستی وتارەکەمدا نەهێڵمەوە دەبێت بڵێم: کورتەی قسان و مەبەست، بەلای بابەتێکدا دەشکێتەوە کەقسەکردنە لەسەر کتێبێکی ناوازەی یەکێک لەو نووسەرو ئەکادیمیا هێژایانەی بەهەمان ناونیشان (( لە پێناو کوردستانێکی نوێدا )) لەدوو توێی (548) لا پەڕەی قەبارە گەورەدا، توێژینەوەیەکی نایاب و ناوازەی بۆ دۆخی هەنووکەیی کوردستان کردووەو بەشیکارو ئاماژەکانی ڕێگای بۆ تێکشانی کوردستانی کۆن بۆ کوردستانی نوێ کردووە. بەرلەوەی سەرپێیانەو زۆربەکورتی بەلای ناوەرۆک و سەردێڕی ئەم کتێبەدا بچم، پێویستە ئەو شایەدیە بێفێڵە بۆ توێژەر بدەم کەئەو هەموو خاکەڕاییەی تەنها لەناوی سێ قۆڵی توێژەر لەسەر بەرگی کتێبەکە هەیە، لەگەڵ ئەوەی توێژەر هەڵگری چەندان بڕوانامە بەرزی لەقانوون و مافەکانی مرۆڤ لەزانکۆی سەلاحەددین و زانکۆکانی ئەوروپا بەدەست هێناوەو ئێستا پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لەکۆلیژی یاسا لەهەولێر، ئینجا ناوی سێ قۆڵی خۆی ( ڕزگار محەمەد قادر )ی لەسەر بەرگ و ناوەوەی کتێبەکە داناوە، تەنانەت شایەتیدان بۆ خاکەڕایی زێدەی نووسەر ئەوەیە کەتەنانەت وێنەیەکی خۆی، لەسەر بەرگ و تەنانەت لەسەر لاپەڕەکانی ناوەوەش، دانەناوە. ئەمەو جگە لەو دەروون هێمنیەی لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی کتێبەکە درێژبۆتەوەو زاڵبوونی گیانی هوشیارخوازانەو زانستخوازی

بەسەر شرۆڤەی پرس و بابەتەکان و دوور لەدەمارگرژی و مەرامی تایبەت و دووره پەرێزی لەڕیایی و جیالەوەی دەستی لەسەر کۆی کەم و کوڕییەکانی؛ پرەنسیپ و بنەماکانی ژیانی ڕامیاری و سیستەمی حوکمڕانی و گرنگی ئاڵوگۆڕی دەسەلات و ئازدییە سیاسییەکان و چۆنیەتی سەروەربوونی یاساو زەفکردنەوەی ئەو سەروەر نەبوونەی یاسا کەبەردەوام بەقسە پێگیری لێدەکرێ و شەفافیەتی دەسەڵاتی سیاسیی و حکوومەت و گرنگیدان بەڕاگەیاندی ئازادو دەیان بابەتی تر، هاوکات لەگەڵ ئەو بەراوردو ڕێگاچارە شیاوو گونجاوانەی بەجورئەتەوە ئاماژەیان پێکراوەو پێگریان لەسەر کراوە، شایەتییە لەسەر بابەتی بوونی کتێبەکە و دەستەکانی هەزارجار خۆش بێت.

ئەوەی ڕاستی بێت ئەو هێژایە هەر بەڕەخنە گرتنێکی هاکەزایی ڕانەوەستاوە بەڵکو هاتووە هەر لەناونیشانی کتێبەکەوە پێمان دەڵێت: ئەو کوردستانەی ئێمە تێداین، ئەو حکوومەتەی زۆر زۆری پێهەلگوتراوە، ئەو دیموراسییەی بەردەوام دەهۆڵی بۆدەکوتین، دیموکراسییەکی ڕاستەقینە نییە، ئازایانەش جەوهەری هەموو دەردو نەهامەتییەکانی بۆ ئەو چەندە بردۆتەو زۆر پەرۆشی وەلانانی وردو ردشتی کارە ڕامیارییەکانی هەنووکەیە کەدرێژبوونەوەی زیاتر تێپەڕبوونی (16)ساڵ بەر لەئەمڕۆیەو هەموو تواناو ڕاڤەیەکی خۆی بۆ هوشیاربوونەوەی خەڵکی تەرخانکردووە، ئەو هوشیارییەی دەرمانی ڕاستەقینەی دەردی هەر کۆمەڵگایەکەو بەداخەوە سەرجەم بەدبەختییەکانی مرۆڤەکان لەنەزانینی مافەکانی خۆیەوەیەتی.

نامەوێت بێم بەدوای مەتحی کتێبەکە بکەم و سەری خوێنەری پێگەرم بکەم، تابەو هۆیەوە ڕیکلامێکی بێبناغەو دوور لەڕاستی بۆ نووسەر بکەم، هەڵبژاردنی مەبەست و خوودی ئەم وتارەش بۆ پێهەڵگوتن بەکتێبەکەو نووسەرەکەش نییەو خوای بانی سەریش ئاگادارە مەبەستم هەڵفریواندنی خوێنەر نییەو بێلەخۆڕازیبوونیش یەژم؛ هەر پێویستیشم پێی نییەو لەگەڵ باوەڕو قەناعەتیشم نایەتەوە. نانەخێر، گەوهەری بیری نووسەرو پێکان و دەستنیشانە ڕاستەقینەکانی دەردەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارە زانستییەکان و لەهەموو ئەمانەش گرینگتر هوشیارکردنەوەی بێفێڵ کەدکتۆر ڕزگار لەپەرۆشیان بۆ مرۆڤ ئینجا تاکەکانی نیشتیمانەکەی خۆی پێی هەستاوە، هەموو ئەمانەو دەیان و سەدان هۆکاری تر خۆیان بەسەر بڕیاری نووسین و دەربڕینەکانم لەو وتارەدا فەرزکردووە، کەبێم ئەو وتارە بنووسم.

دەبینی سەرەڕایی دەرخستنی هەندێکی زۆر زۆر کەم لەلایەنە هەرەباشەکانی کتێبەکە لێ هێشتا لەخۆڕانابینم ( لەترسی ئەوەی دوور لەخواست و مەبەستی خۆم بۆم لێکبدرێتەوە ) بڵێم: خۆزگە تۆی خوێنەر ئەم کتێبەت دەخوێندەوە، چونکە ڕەنگە گەر ئەوە بڵێم؛ بەدیوی ئەو دیوی مەبەستمدا، خۆزگەکەم یەکسان بێت، بەناچارکردنی تۆ بۆ کڕینی کتێبەکە، نا.. لەجیاتی ئەوە یەژم: خۆزگە دەخوازم سەرۆکی هەرێم نەک هەر ئەو کتێبە زێدە بەنرخەی دەخوێندەوە، کەبێگومان گەر ڕاوێژکارو ڕاپۆرت نووسەکان لێبگەڕێن خۆی بێتەکلیف دەیخوێنێتەوە، بەڵکو هەزاران جار خۆزگەم دەخواست گەر بۆ چەند ساڵێکیش نەبێت، بۆ چەند مانگێک ئەو کتێبەی دەکرد بەدەستووری کار.

2007/7/21